# ناحیەی سمود لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا

سیروان سلێمان

لە بەرەبەیانی ١٩٩٠/٨/٢ ڕژێمی بەعس پەلاماری کویت دا، لە ماوەی دوو ڕۆژدا کۆنترۆڵیکرد، دوای حەوت مانگ بەسەرپەرەشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەشداری ( ٣٤) وڵات سوپای عێراقیان لە خاکی کویت کردە دەرەوە، دۆخێکی تایبەت لە ناوچەکە هاتە ئاراوە، لەگەڵ لێدانی کویت دا، هێزەکانی عێراق هەڵوەشایەوە هێزی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ تێکچوو، ئەوەی دەست ڕاگەیاندنەکان کەوت زیاتر (١٠٠) هەزار سەربازی عێراقی کوژرا، لە خوارووی عێراق ڕاپەرین دروست بوو، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ترسی ئەوەیان بوو، کە ئێران لەگەڵ شیعەکانی خوارووی عێراق دەست تێکەڵ بکات.

دوای تێکشاندنی سوپای عێراق لەلایەن گەلەکۆمەکی نێو دەوڵەتیەوە، بۆشایەکی گەورە لە ناوچەکە دروست بوو، دوای پرۆسەی ئەنفال تەواوی حیزبەکان پەناهەندەی ئێران بوون، بە دەست پێشخەری (ی.ن.ک) لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، لە شاری کرماشان نەوشیروان مستەفا چاوی بە مەسعود بارزانی کەوت بە ئامادەبوونی مەحمود سەنگاوی ئامادەکاری کرا بۆ ڕاپەڕین، یەکێتیی لە دوو ئاست بەشداری ڕاپەرینی کرد یەکەمیان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان ئەوەیش بۆ بەرەی کوردستانی ( ١٩٨٦) دەگەڕێتەوە، ئەویتریان یەکێتیی لە ڕێگەی هێزە پەناهەندەییەکانی ئێران، پێشمەرگە پارتیزانەکان، ڕێکخستنەکانی ناوشار (سرک) و ئامادەکردنی نامەکان لە ئێرانەوە بۆ چەکدارەکانی ڕژێمی بەعس ئەوانیش ببنە بەشێک لە ڕاپەرین و ئیزگەی گەلی کوردستان ڕۆڵێکی ئێکجار گەورەی بینی لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، ئێران بە سستی هێزەکانی لە پاوە دەناردە خوارەوە، تا گەیشتە ئەوەی دەرگا بە تەواوی بە ڕووی هێزەکان کرایەوە، هاتنە سنوری چوار قوڕنە و لەویشەوە بۆ شاری ڕانیە ڕاپەرینی ١٩٩١/٣/٥ دەستیپێکرد.

یەکێتیی پێنج میحوری لە کووردستان بە سەرپەرشتی ( مەحمود سەنگاوی ) دروستکرد ئەوانیش: سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، بادینان و بتوێن، میحوری گەرمیان لە چوارچیوەی میحوری سلێمانی بووە چەند یەکەیەکەوە ئەمانەبوون:

| ژمارە | ناوی شوێن | فەرماندەکان |
|---|---|---|
| ١ | دەربەندیخان | سەلام کوێخا عەزیز، مەحمودی مامە عەزە |
| ٢ | باوەنور | کوردۆ قاسم |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | کەلار | عەدنان حەمەی مینا |
| ٤ | سمود (ڕزگاری) | م. عەلی پەڕلەمان |
| ٥ | کفری | حمەڕەش |
| ٦ | دووز خورماتوو | عوسمان حاجی مەحمود |
| ٧ | زەنگابات | عادل شوکر |
| ٨ | خانەقین | عەلی شامار |

هەر یەکەیەک لەم یەکانە ڕۆڵی خۆی دەگێرا، لەبەر کەمی ژمارەی پێشمەرگە و زۆری دام و دەزگاکان نەتوانرا دام و دەزگاکان بپارێزن لە نێویاندا دائیرەی نفوس و تاپۆ لەلایەن خەڵکەوە سوتێنرا، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری خەڵک مولگەکانی ڕژێم هێنرایە خوارەوە هێزێکی شکستخواردووی وەک عێراق لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێشوازێکی جوانیان لێکرا، لە جیاتی ئەوەی تۆڵەیان لێبکرێتەوە، ڕێزی زۆر لە سەربازە دیلگیراوەکانی ڕژێم گیرا، هەرچەندە خەڵکی کوردستان بەهۆی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال بریندار بوون، کەس و کاریان شەهید و ئەنفال بوون بەدەرلەوە دێهاتەکانیان ڕوخێندرا، بیری منداڵی تیژە کۆمەڵێک سەرباز لە کۆمیتەی ڕێکخستنی سمود دیل بوون، ڕۆژێک جەباری برام هەرچەندە زۆر گەنج  بوو هەموویان هێنا لە ماڵ خۆماندا پشووێکیاندا، داوای ئەوە دیلەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لە ڕێگەی خانەقین و جەلەولاوە ڕەوانەی خوارووی عێراق کرانەوە و گەڕانەوە نێو ماڵ و منداڵ و کەس و کاریانەوە، حکومەتی عێراقی بە وردی بیری لەوە کردەوە، بۆ جارێکی تر پەلاماری خانەقین و جەلەولایان دا لەلایەن سەلام کوێخا عەزیز و عەلی شامارەوە وەڵامیانەوە دایەوە بەشێک پێشمەرگە کەوتنە نێو بۆسەی هێزەکانی ڕژێمەوە شەهید بوون، خزمی نزیکی سەلام کوێخا عەزیز و شەهید شاهۆ میمکە تەلە بوون، دوای ئەوە بەسەرپەرشتی مەحمود سەنگاوی و مەلا ئەحمەدی دسکەرە پەلاماری هێزەکانی ڕژێمیاندا، ڕژێمی بەعس خاوەن هێزێکی پڕچەک ناوچەکەیان بە پێشمەرگە بە جێهێشت، ڕێکخستنەکانی ناوشار داینەمۆی سەرکەوتنی گڕی ڕاپەڕین لە گەرمیان و بتوێن لەلایەن ڕێکخراوی ناو شارەوە سەرپەرەشتی دەکران، لە کەلار و کفری تەق و تۆقێک کرا، بەڵام شەڕی گەورە لەگەڵ موجاهدین خەڵق لە دووز و خوماتوو کرا، بەڵام ناحیەی سمود شەڕی تێدا نەکرا وەک هێزی پشتوانی پێشمەرگەیان ڕەوانەی ناوچەی داودە و دووز و خورماتوو و خانەقین و کفری  دەنارد بۆئەوەی ڕێگیری بکات لە هاتنی هێزی کەرکوک  بۆ دووز و خومارتوو.

**ئەنجومەنی باڵای سمود**

دوای ڕاپەڕین سەرجەم شار و شارۆچکەکان کەوتنە حاڵەتی بۆشایی یاساییەوە، ناحیەی سمودیش یەکێک بوو لە ناحیەکان کۆمەڵێک خەڵک دابنرێت، بیر لەوە کرایەوە دروستکردنی ئەنجومەنێک بۆ ناحیەکە و لە ڕێگەی بریکاری خۆراک و ئەنجومەنی گوندەکانەوە دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ خەڵک ڕابکێشێت، لەو بارییەوە کۆمەڵێک خەڵک نزیکەی ( ٣٠) بۆ ئەنجومەنی باڵای سمود لە ١٩٩١/١/٢٥ هەڵبژاردنێک کرا، لەو هەڵبژاردنە (١٠) کەس وەک ئەنجومەنی باڵای سمود دەست نیشانکرا، ئەم ئەنجومەنە پشتی بە ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەبەست بۆئەوەی بتوانن خواردن و پێداویستی بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن، لە ٢١/ ١٩٩٢/٣ یەکەم ڕۆژی نەورۆز دوو کەس بەناوی ( هیرنیا و د.مکایل) بڕی (٨٠١) تەن خوارن بریتی بوو لە ( برنج و ڕۆن و شەکر و چایی و ...) وەرگیرا، ئەم خواردنانە لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە دابەشکرا بەسەر هاوڵاتیاندا، لە وەختی خویدا ئەنجومەنی باڵای سمود دەسەڵاتی تەواوی بوو، ئەم ئەنجومەنە درێژەی کیشا تا ناوەڕاستی مانگی (٩)ی ١٩٩٢ لەمبارەیەوە ناوی دەستەی یەکەم و دووەمی ئەنجومەنی باڵای سمود لە خشتەیەکدا بڵاودەکەینەوە:

| ژمارە | ناوی سیانی | پلە |
|---|---|---|
| | دەستەی یەکەمی ئەنجومەنی باڵای سمود | |
| ١ | کازم محەمەد ناسر | سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٢ | ڕۆستم محەمەد مەحمود | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٣ | فەقێ محەمەد غێدان | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٤ | حەمید محەمەد کەریم | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٥ | فەقی سلێمان حوسێن حەسەن | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٦ | کەماڵ قادر مەحمود | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٧ | ئەحمەد مەدحەت داودی | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٨ | مەجید حەمەعەزیز ئەلا مراد | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٩ | ڕەشید مەحمود ئەحمەد | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ١٠ | مستەفا عەلی عەبدول ڕەحمان | ئەندام ئەنجومەنی باڵای سمود |
| | دەستەی دووەمی ئەنجومەنی باڵای سمود | |
| ژمارە | ناوی سیانی | پلە |
| ١ | کەریم ئەحمەد عەزیز | سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٢ | عەلی سدیق محی الدین | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٣ | فاتیح محەمەد عەزیز | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٤ | ساڵەح ڕۆستم مەحمود | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| ٥ | ڕەشید کەریم محەمەد | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٦ | لەتیف تۆفیق خەتاب | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٧ | ڕەمەزان ڕەسوڵ حەسەن | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٨ | تۆفیق ئەمین نادر | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ٩ | حیکمت حەکیم حەمید | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |
| ١٠ | فایەق عومەر ڕەشید | ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود |

دوای ئەوە دەنگۆیەک لە نێو خەڵکدا دروست بوو بە مەبەستی نادادی لە دابەشکردنی ئیش و کارەکانی ئەنجومەنەکە، ئەمەیش بووە تووڕەبوونی خەڵک سەرەنجام ئۆتۆمبیلی ( حاجی کازم شێخ لەنگەر) لەلایەن هاوڵاتیانەوە، سوتێندرا، ئەنجومەنەکە زۆریان پێناخۆش بوو، دەستیان لە کار کێشایەوە، دوای ئەوە دەستەیەک خەڵکی تر بۆ ئەنجومەن دەستنیشانکرا، ئەم ئەنجومەنە نوێنەری بەشێک لە لایەنە سیاسیەکانی تێدا بوون لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا، سەبارەت بە هاتنی هەر پێداویستیک لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە دەچووە خزمەتی هاوڵاتیانەوە، سەرەڕای ئەوەی کاری ئەنفال و لێکەوتەکانی لە ڕووی مرۆی و مادییەوە زۆر قورس لە دڵی خەڵک کەوت، هەژاری باڵی کێشا بوو بەسەر ڕووخساری خەڵکدا، لەگەڵ ئەویشدا بە لەناوچوونی ڕژێم ئومێدێک بۆ ژیانێکی نوێ بوو، دوای تێکچوونی پەیوەندی ساسی نێوان ڕژێم و کورد گوماری ئابوری خرایە سەر خەڵک لە هەموو سنورەکانەوە، تا خەڵک لە هەژاریدا دەیناڵاند، بەدەرلەوە خاکی کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندە و لەبارە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەڵکی بە ناچاری دیهاتەکانی وەک سەرچاوەیەکی داهات ئاوەدانکردەوە، لەگەڵ ئەویشدا ژیان زۆر قورس و نالەبار بوو، ئەم قات و قڕی و گرانییە خەڵکی تەواو ماندوو کرد، لە ١٩٩٥/١٠/١ ئەوکات بەڕێز ( عەبدوڵا ئەنوەر عەبدوڵا) بووە بەڕێوەبەری ناحیەی سمود، تا دوو ساڵ دوای هەڵبژاردنی شاروانییەکان لە خزمەتکردنی ناحیەکەدا مایەوە.

سەبارەت بە نووسینەوەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوە کە لە ساڵی (٢٠١٤) بە ناوی ( لێکۆلینەوەیەک لەسەر شارۆچکەی ڕزگاری) بڵاومانکردەوە، لە نێوان (١٩٩١ / ٢٠٠٠) لە نێو لێکۆلینەوەیەکەدا ئەم بابەتەمان تۆمارنەکردووە، لەڕاستیدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە بە پێویستمان زانی سەرەقەڵەمێک لەسەر بنووسین و ببێتە بەشێک لە تەواوکاری لێکۆلینەوەکەمان.

سەرچاوەکان:

١/ چاوپێکەوتن ( م.عەلی پەڕلەمان) لە تەفزیونی کەرکوک بەرنامەی ( هەڵوەکان ) کە عەبدوڵا سەنگاوی لە ٢٠٢٤/٣/٥ ئامادەکاری بووە .

٢/ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەلی عەبدول ڕەحمان ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سمود( ١٩٩٢) لە ٢٠٢٤/٨/١٩ .

٣/ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عەبدوڵا ئەنۆر عەبدوڵا) بەڕێوەبەری ناحیەی سمود ( ١٩٩٥–_ ٢٠٠٢) لە ٢٠٢٤/٨/٢٨.